## ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان

## لقی هەڵەبجەی شەهید

ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، ڕێکخراوێکی ژنانە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ژنان کار دەکات و هەوڵ دەدات بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان و خزمەت کردن بە ژنان و منداڵان .

کابینەی بەڕێوەبردنی لق پێك هاتووە لەم بەشانەی خوارەوە :-

- لێپرسراوی لق
- پەیوەندیەکان
- ڕۆشنبیری
- کۆمەڵایەتی
- هونەریی
- ئیدارە
- تەندروستی
- وەرزش
- ڕاگەیاندن

فەرموون لەگەڵ کارو چالاکیەکانی لقی هەڵەبجەی شەهیدی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان

**چالاکیەکانی لقی هەڵەبجەی شەهیدی**
**یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**
**لە ساڵی ( ٢٠٠٨ ) ( ٢٠٠٩ )**

**بەشی پەیوەندیەکان /**

بەرواری ٢٠٠٨\١\٢٩ وەفدێکی ئە نجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجەی شەهید بەسەرپەرشتی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید ( خدر کریم ) پێشوازیان کرد لە وەفدێکی ئیتالی کە سەردانی شاری سلێمانی کردبوو ، وە لە بینای پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە ، وەفدە کە پێکهاتبوون لە ( Luci Jan , Fulgida Barattion ) .
کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گرتنی کۆنفرانسی شاری هەڵەبجە لە بەرواری ٢٠٠٨\٣\١٦ کە تێیدا وەفدەکە وتەیەکی پێشکەش کرد بە نوێنەری ئە نجومەنەکە ، کە چەند خاڵێکی لە خۆگرتبوو لەوانە :

- وەفدەکە سوپاسی ئە نجومەنەکەی کرد و زۆر بە گرنگیان زانی کە ئەم ئە نجومەنە لە کۆنفرانسەکەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت .
- ئەم ئە نجومەنە پێویستە لە کۆنفرانسی ٢٠٠٨\٣\١٦ ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە هەڵەبجە دا و دەربرینی خۆشی بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ، میزەڵان و لەبەرکردنی جلی تایبەتی مناڵان .
- تەئکید کردنەوە لەسەر ئامادە بوونی ڕێکخراوە ژنانی یەکان و ڕۆڵی گرنگیان لە چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستان .شایانی باسە ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان بە نوێنەرایەتی بەڕێز ( ئەدیبە توفیق ) یەکێك بوو لە ئەندامانی وەفدی ئە نجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکان .

١ ) بەرواری ٢٠٠٨\١\٢٧ لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی تەلەفزیۆنی ، بەرنامەی قوتابیان ، دیدارێکی تایبەتی راستەوخۆ پێشکەش کرا سەبارەت بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکان و هۆکاری دروست بوونی و کارو چالاکی یەکانی .

٢ ) بەرواری ٢٠٠٨\١\٢٩ پەیامنێری ڕۆژنامەی داهێنان و ڕۆژنامەی ئایندە چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیان ساز کرد لەگەڵ بەڕێز ئەدیبە خان بەرپرسی پەیوەندی یەکانی لق و ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکان سەبارەت بە دروست بوونی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکان و کاروچالاکی یەکانی لە ماوەی دروست بوونیدا

٣ ) بەرواری ٢٠٠٨\٢\١ وەفدێکی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، بەسەرپەرشتی بەڕێز ئەدیبە توفیق لێپرسراوی پەیوەندی یەکانی لق و ئەندامێتی بەڕێزان کافیە حسن و خدیجە عبدالجبار ، سەردانی ڕادیۆی یەکگرتوو کەناڵی هەڵەبجەی شەهیدیان کرد بەمەبەستی پیرۆزبایی سیازدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی رادیۆکەیان.

٤ ) بەرواری ٦-٢-٢٠٠٨ وەفدێکی لقی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکان لەگەڵ ڕێکخراوی ( مێرسی کۆر ) تاوتوێی پرۆژەیەکی ئەو ڕێکخراوەیان کرد سەبارەت بە مادە بێهۆشکەرەکان کە لە وۆرك شۆپەکاندا باسکرا بوو تا ڕێکخراوی ناوبراو ئاستی کاریگەری لە سەر هاووڵاتیان بزانێت.

٥ ) بەشداری کردنی بەشی پەیوەندیە کانی لق بەشداری لە سەرجەم دانیشتنی ئاسایی و نائاسایی ئەنجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکانی کردوە و.سەردانی قائم قامی پێشوی هەڵە بجە و کۆبوونەوە لە گەڵ ( کاك سەرخێڵ ) بەرپرسی مۆنۆمینتی هەڵە بجە .بۆخۆ ئامادەکردنی ٣/١٦ و دەوری ڕێکخراوەکان تێیدا.

٦ ) بەرواری ١١-٢-٢٠٠٨ وەفدێکی بەشی پەیوەندی یەکانی لقی هەڵە بجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، بە سەرپەرشتی بەڕێز ئەدیبە توفیق لێپرسراوی بەشی پەیوەندی یەکان و دڵسۆز صادق و کەژاڵ موستەفا ، بەشداری یان کرد لە کردنەوەی سەنتەرێکی پەروەردەیی تایبەت لە هەڵە بجەی شەهید . شایانی باسە ئەم سەنتەرە تایبەت دەبێت بە فێرکردنی منالأنی کەم توانا و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وە سەرپەرشتی دەکرێت .

٧ ) بەرواری ١١-٢-٢٠٠٨ وەفدێکی پەیوەندی یەکانی لقی هەڵە بجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی گەشە پێدانی مەدەنیەت ( CDO ) و رادیۆی دەنگی نوێ کۆبونەوەیەکیان ئە نجامدا ، کە تایبەت بوو بە جێ بە جێکردنی پڕۆژەیەك بۆ ماوەی سێ هەفتە کە بەڕێز ئەدیبە توفیق ئامادەی بوو .

٨ ) بەرواری ١٢-٢-٢٠٠٨ لەسەر بانگهێشتی قائم قامی پێشوی هەڵە بجە ، ئە نجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکان سەردانی بەڕێزیان کرد. سەردانەکە بەمەبەستی گفتوگۆکردن بوو لەسەر ١٦-٣ یادی کیمیابارانی هەڵە بجەی شەهید و بەشداری ڕێکخراوەکان لە کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی ١٣/٣دا

٩ ) لەبەرواری ٣-٣-٢٠٠٨ وەفدێکی لقی هەڵە بجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، بەسەرپەرشتی ( نیگا سعید ) لێپرسراوی لق و ئەدیبە توفیق بەرپرسی پەیوەندی یەکانی لق ، لەگەڵ ریکخراوەکانی تری ناو شاری هەڵە بجە و قائم قامی پێشوی هەڵە بجە پێشوازی یان کرد لە وەفدی ڕێکخراوی وادی ( تۆماس ) کرد ، کە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی چەند پڕۆژەیەك تایبەت بە ژنان و گە نجان و ئە نجامدانی هاتبوونە شارەکە.

١٠ ) لەبەرواری ٣/٨/ڕێکخراوەکەمان بەشداری کرد لەدوو بەرنامەی جیا ، یە کە میان لەدەنگی یەکگرتوو بەرنامەی ( بەرین ) لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لەبەشداریی کردنی سیاسی .ژن وگەنج.
بەرنامە دووهەم لە دەنگی نوێ لەسەر ڕێکخراوەکانی ژنان و خزمەت کردنیان بەژنان. لەڕۆژی جیهانی ژنان دا .

١١ ) بەرواری ١٠-٣-٢٠٠٨ وەفدێکی لقی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ( نیگا سعید لێپرسراوی لق و کوێستان حمە رشید لێپرسراوی کۆمەلایەتی ، کەژاڵ حسن ) بەشدار یان کرد لە مەراسیمی نۆژەن کردنەوەی گڵکۆی گەورە ژنی کورد خاتوو عادیلە خانم هاوسەری وەسمان پاشای جاف لە گۆڕستانی عەبابەیلێ .
بەرواری ٢٠٠٨/٣/١١وەفدێکی لقی خوشکان سەردانی( بارەگای ئە نجومەنی ئافرەتانی قەزای هەڵەبجەی شەهیدی کرد بەمەبەستی کردنەوەی بارەگای نوێیەوە. کەسەربە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانن.
١٢ ) بەرواری ٢٥-٢-٢٠٠٨ بۆ ١٣-٣-٢٠٠٨ بەڕێز ئەدیبە تۆفیق لێپرسراوی پەیوەندی یەکانی لقی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان بە نوێنەرایەتی لق بەشداری کرد لە خولێکی راهێنانی ڕاهێنەران ( TOT ) ی کرد ، کە لەلایەن ڕێکخراوی گەشە پێدانی مەدەنیەت ( CDO ) بە هاوکاری پەیمانگای دیموکراسی نیشتمانی ( NDI ) لە سلێمانی بەڕێوە چوو بۆ ماوەی ( ٢١ ) ڕۆژ درێژەی خایاند .
ئەو راهێنانە بریتی بوو لە پڕۆژەی ( CSO ) ڕێکخراوەکان بە پاڵپشتی میدیا وبەشداری سیاسی ژنان و گە نجان . پاشان کردنەوەی ( ١٥ ) وۆرك شۆپ بۆ هەریەك لە ڕێکخراوە بەشداربووەکان بۆماوەی یەك مانگ و نیو وە پاش ئەوە بەستنی کۆنفرانسێك بۆ هەمان مەبەست .



١٣ ) لەبە رواری ١٦-٣-٢٠٠٨ وەفدی لقی هەڵە بجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، بەڕێز ئەدیبە توفیق بەرپرسی بەشی پەیوەندی یەکانی لق ، بەشداری یەکی چالاکانەی کرد لە بیستەمین ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵە بجە دا بە پێشوازی کردن و بەڕێکردنی ئەو میوانانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانەوە سەردانی ئەو شارەیان کردبوو .




١٤ ) لەبەرواری ١٧-١٨-٣-٢٠٠٨ وەفدی ناوبراو بەشداری کرد لە چوارەمین کۆنفرانسی ئاشتی جیهانی لە شاری سلێمانی ، شایانی باسە کە لەو کۆنفرانسەدا ( ٦٩ ) شارەوانی وولاّتانی جیهان بەشداری یان تێدا کردبوو .لە کۆنفرانسەکەدا داکۆکی دەکرا لەوەی کە رۆژی ١٦-٣ بکرێتە رۆژێکی نێو دەوڵەتی .

١٥ ) لە بەرواری ١٦-٣-٢٠٠٨ وەفدێکی لقی هەڵبجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان نیگا سعید لێپرسراوی لقی هەڵە بجەو فا تمە ناصر بەرپرسی بەشی رۆشنبیری ،بەشداری مەراسیمی بیستەمین ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵە بجە یان کرد لە هۆڵی بۆنەکان لە هەڵە بجەی شەهید . کە

تێیدا میوانانی دەرەوەی هەڵەبجە لە بیانی و ناوخۆیی و کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆو جیهانی ئامادەی بوون.

١٦ )بەرواری ٩-٤-٢٠٠٨ وەفدێکی لقی هەڵەبجەی شەهیدی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ئەدیبە توفیق بەرپرسی پەیوەندی یەکانی لق و فاتمە ناصر بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و نەسرین رەسول ، سەردانی ڕێکخراوی گەشە پێدانی قوتابیانی کوردستانیان کرد بە بۆنەی ساڵیادی ئیعلان کردنی ڕێکخراوەکەیانەوە .

١٧ )بەرواری ١١-٤- ٢٠٠٨ یەکگرتووی خوشکان بە هاوکاری ڕێکخراوی گەشە پێدانی مەدنیەت (CDOبە پاڵ پشتی ڕێکخراوی ( NDI ) ئەمریکی وۆرک شۆپێك بۆ زیاد کردنی بەشداری ژنان وگە نجان لەژیانی سیاسیدا ، لەهۆڵی ئازادی لاوان بۆ ڕێکخراو و ڕاگەیاندنەکان بابەتەکە لەلایەن (ادیبە تۆفیق ) وە وترایەوە. و لەلایەن ئامادە بوانەوە .نوینەری یەکگرتووی خوشکانیش (گریوە حمە ڕشید )ئامادە بوو .





بــەرواری ١٧-٤-٢٠٠٨ نوێنــەری لقــی هەڵە بجــەی شــەهیدی ڕێکخــراوی یــەکگرتووی خوشکانی ئیــسلامی کوردســتان ، بــەڕێز ئەدییــە توفیــق لێپرســراوی پەیوەنــدی یــەکان ، بەشداری گفتوگۆیەکی کراوەی کرد لە باخی گشتی کە ڕێکخراوی ئازادی لاوان پێی هەستا بوون ، لەژێر دروشمی( هۆشیاری لاوان لە مەڕ پەرلەمان ) .

١٨ ) شــەوی١٥/لەســەر ٢٠٠٨/٤/١٦ ئامــادەبوونی ادییــە تۆفیــق لەبەرنامــەی ( شــریعە وسەردەم ) کـە قـسە کـردن بـوو لەسـەر لاو. وەلـە ٤/٢٩ دائامـادەبوونی لـەدەنگی نـویێ لەبەرنامەیەکی تایبەت کە گفت وگۆبـوو لـە سەر ( ڕۆڵـی ڕێکخـراوە کـان لـە بەشداری سیاسی ژنان وگە نجان ) .

١٩ ) لــە ٤/٢٤ بەشــدار یمــان کــرد لــە ئێــوارە کــۆڕێکی بــەڕێز( ســتران عبداللــە ) بــە ناونیـشانی( ڕۆڵـی ڕۆژنامەنوسـان لـە بـەرەو پـێش چـوونی ڕۆژنامـە گـەری لەکوردسـتان )کەسەنتەری چالاکی لاوان پێی هەستا بوون.

٢٠ )لە بەرواری ١٧-٤-٢٠٠٨ نوێنەری لقی هەڵە بجەی شەهیدی یەکگرتووی خوشکان ، بەڕێز ئەدییە توفیق لێپرسراوی پەیوەندی یەکانی لق ، بەشداری کۆبوونەوەی ئاسایی ئە نجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکانی کرد کە تایبەت بوو بە پلانی داهاتووی ئە نجومەن .

٢١ )بەڕێز نیگا سعید بەشداری کرد لە خولێکی یەك هەفتەیی ڕێکخراوی ئـەمریکی ( ئـین دی ئای ) لەهەولێر کە تـا یبەت بوو بە چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکی یەکان .

٢٢ ) لەبەرواری ١٦-٦-٢٠٠٨ ئە نجومەنی راوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵە بجـەی شـەهید پێشواز بیان کرد لە وەفدێکی ( کۆمەڵەی ڕۆژ و گروپی داکۆکیکار لە مافی کـەم ئەنـدامان لە هەڵە بجەی شەهید ) ، لە دانیشتنێکدا بـاس لە ڕۆڵی گەنج و پەیامی بنەڕەتی گـەنج و ژن کرا .

٢٣ ) لــە ٢٠٠٨/٦/٢٨ لقـی خوشـکان هەسـتا بـە گرتنـی کۆنفراسـێك بـۆ ئامـادە سـازی کۆنگرەی( ٥ ) خوشکان کەتێدا ڕا پۆرتی چالاکی لـە٢٠٠٥بـۆ٢٠٠٨ خوێندرایـەوە و پێـشنیار وەر گیرا بۆکاری داهاتووی خوشکان.

٢٤ ) لە٤-٦-٢٠٠٨/٨/٦ گریوە ڕشید بەشداری کرد لە وۆرك شـۆ پێکی ( ٣٠ ) ڕۆژە کـەڕێکخراوی ئـازادی لاوان بـەهاوکاریNEDهەسـتابوون پێـی بـەناوی ( ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مەدەنی داکۆکی دەکەن لە مافەکانی خەڵك ) پاشان تۆڕێکی لیٰ پێکهینر ا .بـەناوی تـۆڕی هەڵوێست.

٢٥ )لــە ٤/٥/٦/ ٨ /٢٠٠٨بەشــداری کــرا لــەوۆرك شــۆ پێك بەناونیــشانی ( خــەڵکی هەڵە بجــەی شــەهید داکــۆکی دەکــەن لەمافــە کــانی خــەڵك ) بــەهاوکاری ڕێکخــراوی ((NED) لەهۆڵی ئازادی لاوان وە گریوە ڕشید ئامادەبوو.

٢٦ ) ١٣./٢٠٠٨/٨ بەشداری کردن لەوۆرك شۆ پێك لە مەڵبەنـدی ڕاهینـان وگەشـە پێدانی ژنان بە هاوکاری ڕێکخراوی((K I E) تایبەت بووبە( هۆشیاری هەڵبـژاردن و هـاولاتی ) کەژاڵ مصگفی نوێنەری خوشکان بوو.

٢٧ ) بەرواری ٢١/٨/٢٠٠٨ئامادە بووین لە پێشوازی پارێزگاری سلیمانی( دانا احمد مجید ) لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی کەسەردانی هەڵەبجەی شەهیدیان کرد بەمەبەستی



دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ دام ودەزگاحکومی وحیزبیەکان ونوینەرانی سەرجەم چین وتوێژەکان. شایانی باسە نوێنەری یەکگرتوو خوشکان ئامادە بوو لەودیداروکۆبوونانەوەدا. پاشان داواکاری یەکی یەکگرتووی خوشکانی بەنووسراوێك درایە پارێزگای سلیمانی بەئومیدی جێ بەجێ کردنی.

٢٨ ) لەبەرواری ١٧/١٨/١٩ ) /١٠ / ٢٠٠٨ بەشداری کردن لەخولێکی ٣ ڕۆژە لەسەر( پێگەیاندنی لاوان )کەڕێکخراوی ( NDI ) بەهاوکاری سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان

٢٩ ) لە ٢٨/١٠/٢٠٠٨بەشداری کردن لەوۆرك شۆپێك کەڕێکخراوی( CIS )بەهاوکاری( UNOPS ) پێی هەستابوون لەسەنتەری چالاکی لاوان لەسەر ( هەڵبژاردن ) ئامینە جمال نوێنەری خوشکان بوو.

٣٠ بەشداری کردن لە خولێکی (TOT) ( ٨ ) ڕۆژە لەشاری سلیمانی بە هاوکاری ڕێکخراوی( CDO )ڕێکخراوی( RI )..



